لێدوان

بەپێنوسی هاوڕێ ئەمیر

کوردستان

لەشەرعیەتی شۆڕشگێڕیەوە بۆ شەرعیەتی دەستوری

وەرچەرخانێکی مەزن، لەدوای ڕاپەڕینە پڕشکۆکەی بەهاری(١٩٩١) ەوە، کەدەکرێت بەشای دەستکەوتە سیاسی و نیشتیمانیەکان حسێبی بۆ بکرێ، ئەو دەربازبوونەبوو کەدۆزی ڕەوای گەلی کوردستان بەدەستی هێنا، بەوەرگرتنی خەسڵەتێکی نێودەوڵەتی بۆ مەسەلە نیشتیمانییەکەی. چونکە تائەوساتە وەختە مێژوویە، هەمیشە گەلی کوردستان قوربانیەکی بەردەوامی پیلانە هەرێمایەتیەکان و دەسەلاتە سەردارەکانی ناوچەکەبوو. ئەم دەوڵەت و دەسەلاتە سەردارانە، بە سود وەرگرتن لەهەل و مەرجی نێودەوڵەتی لەبارو تەریب بوونی بەرژەوەندییە بالاکانیان، لەبەرامبەر تێکشکان و لەباربردنی بزوتنەوە سیاسیەکانی کورد، هەمیشە هەوڵ و کۆششی دامودەزگا جۆربەجۆرەکانیان بەوئاقارەدا ئاراستەدەکرد کەکاری بەردەوام لەسەر ئامانجەستانداراەکە بکەن. بۆئەوەی بزوتنەوە یەك لەدوای یەکەکانی گەلی کوردستان کەلەلایەن هێزەجۆربەجۆرەکانەوە ئاراستەو سەرکردایەتی دەکران، لەهەرقۆناغێکدا فۆرم و ناسنامەیەکی تایبەتیان وێنادەکردەوە، لە ماناو بەها نیشتیمانیەکەی بەتاڵ بکەنەوە یان بەرگێکی تری بەبەردابکەن.

تاڕادەیەکی زۆر لەڕابردوودا ئەم گەمەیە توانی خواستی نیشتیمانیو نەتەوەیی کورد گەمارۆبدات، لەپەناو پەسیوی چیاکانەوە لەدۆستەکانی دابمالیو بەتەنیا شەری داکۆکی لەڕوایەتی کێشەکەی بکات. ئەوسەردەمەی هەموو گوێگری هەواڵو دەنگۆی مەسەلەکەمان بووین، لەهامشی دەنگوباسی میدیاکانەوە. کەزۆرجار بەناحەق (بەمەبەست یان لەبێ ئاگایی یەوە) ڕەمزەکانمان یان پیرۆزیەکانمان دەکەوتنە ژێرپەلامارەوە. بەشێوەیەك هەموو بەهایەکی ئەخلاقیو مرۆیی لەگواستنەوەی هەواڵو دەنگۆی ڕووداوو هەڵوێستەکان ژێرپێ دەنرا. بێگومان ئەوەش بەجۆرێکی تر شەرێکی سایکۆلۆجی ڕێکخراوبوو کەدەیانو بگرە سەدان دامو دەزگای جۆراوجۆر ئاراستەیان دەکرد. پشت ئەستووربوون بەڕەوایەتی دەسەلاتێکی سیاسی متمانەپێکراو کە بڤەبوو کەس لەدونیادا لەئاستیان بەدەنگبێت. بەبیانوی ئەوەی ئەمانە کێشەی ناوخۆیین. هەربۆیە چارەسەرەکەشی دەپێت لەسیاقی دەسەلاتی سیاسی ناوخۆدا بێت. گرنگ نەبوو دەسەلاتەکە چ جۆرە شوناسێکی هەیە. دیکتاتۆرییە یان شۆڤێنییەیان چییە؟

بەهەرحاڵ مێژوویەکی دوورودرێژو خوێناویمان بەرێکردو باجێکی قورسمان لەبەرامبەر ئەو هەڵو مەرجە بەسەخاوەتەوە بەخشی. ئەنفال و کیمیایی گۆڕی بەکۆمەڵو کونجی زیندانەکان... بەکوردی شەرێکی بەبەرنامەی دەیان ساڵە، پیلانی ژەهراوی دەیانو بگرە سەدان دامو دەزگای دڕندەو نامرۆییانە، پەیمانی جۆراوجۆری نێوان دەیان دەوڵەت هێزی نەیار. لەسەر خوانی مەسەلەکەمان گەواهی ئەوراستییەن کەئێمە بەچ قۆناغێکی سەختو دژواردا، بەناوکێڵگەی میندا، ئەم مەسەلەیەمان بەسەرشەپۆلەکانی خەبات و قوربانیداندا گەیاندۆتە ئەمرۆ. بێگومان ئێستاش زۆرمان ماوە کەشتی داخوازییەکانمان بگەیەنینە کەنارەکانی ئارامی و جێگیری. بۆئەوەی پشوی تێدابدەین و لەسایەیدا نەوەی نوێ هەناسەیەکی دڵنیایی هەڵژێ.

ئێستا هەرەمی نیشتیمانی و شوناسی نەتەوەییمان هەررۆژەو خشتێك لەهەڵزنانیدا هەڵدەچنێت. مەسەلەکەمان دەروازەکانی دونیای لەبەردەمدا کراوەتەوە، بۆئەوەی لانی کەم تەعبیر لەڕەوایەتی خۆی بکات. لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق پاڵنەرێکی تر بەهێزەوە دێتەنێوکایەکان. کەبەشداریو هاوبەشی کوردە لەدەسەلاتی ناوەندیدا. بۆئەوەی ڕۆڵێکی ئەکتیف بگێڕێ لەپرۆسەی بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراقدا. تائاراستەیەکی تەندروست وەربگرین بتوانێت داخوازی سەرجەم پێکهاتەکان لەسروشت و فۆرمی دەسەلاتەکەیدا ڕەنگبداتەوە. ئەمڕۆ جارێکی تر مقۆمقۆی هەرەشەو گورەشەی پەلامارِی لابەلایی هەرێم و دەستکەوتەکانمان، چ وەك ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی یان تۆپبارانکردنی سنورەکان، یان پلانی ژەهراوی بۆ کاری تیرۆیستی و تێکدانی باری ئارام و ئاسیشی هەرێم. ڕۆژ بەڕۆژ لەلایەن دەوڵەتانی هەرێمایەتیەوە گەرم و گورتر دەبێت. بەشێوەیەك کەبارودۆخێکی خوڵقاندوە هەموومان لەچاوەڕوانی نادیاردا لەترس و دڵەڕاوکێدا بژین. ئەم هەل و مەرجە نوێیە پێویستی بەهەڵوێستە لەسەرکردنە، چونکە هەل و مەرجی نێودەوڵەتی سیاسەتی ئەمرۆی دونیا مومکین نییە، ئەوەقبوڵ بکات کەکێشەکان بەپێودانگی مێژوویانە پێوانەبکرێن. واتا ئەمرۆ مەسەلەیەك نەماوە ناوخۆیی بێت، چەمکی سەرداریەتی گۆرانی زۆری بەسەردا هاتووە، جیهانگیری بەسەرجەمی کایە گەرم و گورەکانیەوە دونیای بۆگوندێکی بچوك یان ڕاستتر بڵێم شاشەیەکی بچوك چرکردۆتەوە. ئەمە چ جای ئەوەی کە مەسەلەکەمان لەشەرعیەتی شۆڕشگێڕییەوە چۆتە نێو شەرعیەتی یاسایی دەستورییەوە. ناوچەکە لەژێر ئەزمونی پراکتیزەکردنی پرۆژەکەی ئەمریکادا کەکورد کاراکتەرێکی گرنگەو لەزۆرێك لەوانیتر شیاوترە بۆئەوەی ڕۆڵی تێدا بگێڕێت. بۆنمونە ئەمڕۆ لەعێراقی هەڵچوودا تەنها کوردە وەکو فاکتەری بنەڕەتی پێکەوەگرێدانەوەی نەیارەکان. کەدەکرێت وەکو پنتێك هەموو پێکهاتە جیاجیاکان لەدەوری کۆببنەوەو کۆدەنگی لەسەر خوانی سەرکردەسیاسیەکانی، لەمەر مەسەلە دژوارو ئاڵۆزەکان دەستەبەربکەن. بۆیە تەقەلای ولاتانی هەرێم بۆ لەباربردنو دووبارە گێڕانەوەی مێژوو، کارێکی گرانە ئەگەر نەڵێم موستەحیلە. لەئەستۆی ئێمەی کوردیشە پێودانگەکانی ووتاری سیاسی سەردەمی شاخ واتا سەردەمی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی تەجاوەزبکەین. وەکو هێزێکی هەرێمی لەچوارچێوەی پرانسیپە نوێیە نێودەوڵەتیەکان ڕوداو بەرژەوەندییەکان شرۆڤە بکەین. واتا ئەمڕۆ لەبەرامبەر ئەم دەستکەوتە گرنگەدا کەبەهاکەی مێژوویەك لەقوربانی و خوێن و ئەرکێکی یاسایی و دەستوری و ئەخلاقیمان لەئەستۆیە کەبەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ڕەوشی هەڵچودابکەین. بوار بۆ تۆمارکردنی هیچ خاڵێك لەسەر ئەجندای خۆمان نەدەینە دەستی ئەم و ئەو، لەبەرامبەردا هەوڵبدەین بەپێی پرانسیپە نێودەوڵەتیەنوێیەکان زۆرترین خاڵ لەئەجندای ئەم و ئەودا تۆماربکەین.

لە پەراوێزی تیرۆرو ئامارەکانی شەڕی دژە تیرۆردا

ئایا ئێستا ژیانمان پارێزراوە...؟

سەرچاوە : ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلس تایمز ١٨\١١\٢٠٠٧

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: لێدوان

دوای تێپەڕبوونی شەش ساڵ بە سەر ڕاگەیاندنی ئیدارەی بوش لە شەڕی دژە تیرۆر ،هیچ هێرشێکی تری تیرۆرستی نەکرایە سەر ولایەتە یەکگرتووەکان . بەڵام ئایا ئیدارەی بوش دەتوانێت گرەنتی ئەوە تا سەر بکات؟ئەمانەی خوارەوە دوا ئاماری دەستکەوتەکان و تێچوونەکانی ستراتیجیەتی ئیدارەی بوشن لە شەڕی دژە تیرۆر کە لە سەرچاوە حکومیەکان و پەیمانگەکان و دەزگاوراگەیاندنە باوەڕ پێکراوەکانەوە وەرگیراوە :

لە سەرانسەری جیهاندا :

ژمارەی هێرشە تیرۆرستیەکان لە ساڵی ٢٠٠١ دا(١٧٣٢) هێرش بووە .

لە ساڵی ٢٠٠٥ دا (٤٩٩٥) هێرش بووە

لە ساڵی ٢٠٠٦ دا (٦٦٥٩) هێرش بووە .

لە عێراقدا:

ژمارەی هێرشەکان لە ڕۆژێکدا لە مانگی تەمۆزی ٢٠٠٣ دا ١٦ هێرش بووە .

ژمارەی هێرشەکان لە ڕۆژێکدا لە مانگی ئایاری ٢٠٠٧ دا ١٦١,٦ هێرش بووە.

لە ئەمر یکادا:

ژمارەی ئەو کەسانەی بە تۆمەتی کاری تیرۆرستی لەلایەن دادگاوە داواکراون لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٦ دا ٢٦١ کەسن .

ژمارەی ئەو حاڵەتانەی کە بەڕاستی لە کاری تیرۆرستی تێوەگلابوون ٢ حاڵەت بووە.

کەمترین ژمارەی ئەو بێگانانەی کە لە ناو ئەمریکادا بە تۆمەتی کاری تیرۆرستی دەستگیر کراون لە دوو ساڵی دوای ١١ ی سێبتمەرەوە٥١٩١ کەس بووە .

ژمارەی ئەوانەی ئێستا بە تۆمەتی کاری تیرۆرستی حوکمدراون صفرە.

ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی لە وولاتانی عەرەب و ئیسلامیەوە لە ئەمریکادا لە پرۆگرامی کۆچبەران ناوی خۆیان تۆمار کردووە ٨٣٥١٩ کەسن.

ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئێستادا بە تۆمەتی تیرۆرستی حوکمدراون صفرە.

ژمارەی ئەو بێگانانەی لە لایەن دادگاوە بە تۆمەتی تێوەگلان لە هێرشەکەی ١١ سێبتەمبەرەوە داواکراون ٥١٥ کەسن.

ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەو باوەڕدان پەیوەندیان بە کاری تیرۆرستیەوە هەبووبێت صفرە.

ژمارەی ئەو شانانەی کە سەر بە ڕێکخراوی قاعیدەن ئاشکرا کراون لە ئەمریکادا صفرە.

گوانتانامۆ :

ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە بەندیخانەی گوانتانامۆ بەند کراون لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٢وە ٧٧٥ بەند کراوە .

ژمارەی ئەو کەسانەی ئازاد کراون ٤٧٠ کەسن.

ژمارەی ئەو کەسانەی دوای ئازاد بوون تاوانیان ئەنجامدابێت صفرە.

ژمارەی ئەو کەسانەی کە پێدەچێت لە بەندیخانە نهێنیەکانی سی ئای ئەی لە دەرەوەی ئەمریکا بەند کرابن ١٠٠ کەسن.

ژمارەی ئەوانەی کە حوکمدرابن یان تۆمەتیان بە سەرا ساغ بووبێتەوە صفرە.

بووجەی شەڕی عێراق و ئاسایشی نەتەوەیی:

بڕی خەملێنراوی بووجەی شەڕی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا ١٠٠ بلیۆن دۆلار تا ٢٠٠ بلیۆن دۆلاربووە.

بڕی تێچوونی تەواوی شەڕی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٧ ٤١٣ بلیۆن دۆلار بووە.

بڕی خەملێنراوی بوودجەی ئاسایشی نەتەوەیی لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٧ ٢٣٦ بلیۆن دۆلار بووە.

زیانە مرۆییەکان:

ژمارەی ئەو سەربازە ئەمریکایانەی لە شەڕی عێراقدا تا مانگی نۆڤەمبەری ئەم ساڵ کوژراون ٣٨٦٧ سەربازن.

ژمارەی ئەو هاوڵاتیە مەدەنیانەی لە عێراقدا کوژراون تاکو مانگی نۆڤەمبەر ٨٤١٢٨ هاوڵاتین .

هەڵێکی کەم خایەن لە عێراقدا

سەرچاوە :واشنتن پۆست ١٨\١١\٢٠٠٧

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ژینۆ محمد

ئەو هەلە سیاسیەی لە ئەنجامی هەلەتە سەربازییەکان لە عێراقدا هاتۆتە ئاراوە ،پێدەچێت لە لایەن عێراقیەکان و ئیدارەی بوشەوە بە فیڕۆ بچێت. بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە ئەو هەلەتە سەربازیانەی لە ماوەی ئەم ساڵدا لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە لە عێراقدا ئەنجامدرا سەرکەوتنێکی بەرچاویان بە دەستهێنا.بە پێی دوا ئامارەکانیش لە مانگی کانونی دووەمەوە سەبارەت بە قوربانیانی هێزەکانی ئەمریکاو عێراق ،تەقینەوە خۆکوژیەکان، بۆمبی چێنراو، پێشکەوتنێکی بەر چاو بەدیهاتووە.فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکاش ڕایانگەیاند چەندین ناوچەی فراوانیان لە ڕێکخراوی قاعیدە پاکردۆتەوە و پاشماوەی ئەو هێزانەشی کەماون پەرتەوازە بوون. بازاڕەکانی بەغداد بۆ جارێکی تر کرانەوە ،قەدەغەکردنی هاتوچۆش کەمتر بۆتەوە ، ئەو خێزانانەشی ئاوارەو دەربەدەر بوون هێدی هێدی دەگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان. بە دەستهێنانی ئەم دەسکەوتانەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆسەربازەکانی ئەمریکا لە عێراق کە زۆر بوێرانە کاریان بۆ سەرخستنی ئەو ستراتیجیە نوێیە کرد لە دژی تیرۆرستان ،بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ جنراڵ دیڤید پاتریۆس کە داهێنەری ستراتیجیەکە بوو ،بۆ سەرۆك بوش کە سەرەڕای دژایەتیکردنی ئەندامانی کونگریس و بەرپرسانی کاروباری دەرەوە بڕیاری ئەنجامدانی هەلەتەکەیدا.

هەرچەندە هێشتا زووە بۆ ئەوەی ئاهەنگی ئەو سەرکەوتنە بگێڕین جەنراڵ پاتریۆس و فەرماندەکانی سوپا دەتوانن هەواڵی سەرکەوتن ڕابگەیەنن .ئامانجی سەرەکی هەڵەتەکە سەربازی نەبوو بەڵکو سیاسی بوو ،ئامانج لێی ئەوە بوو کەش و هەوایەکی وا بێنێتە ئاراوە هانی عێراقیەکان بدات بە سونەو شیعە وکوردەکانەوە وتوویژ لە بارەی چەند مەسەلەیەکی گرنگی وەك سیستەمی فیدراڵی حکومەت و دابەشکردنی سامانی نەوت بکەن.بەوپێیەی لە مانگی کانونی دووەمەوە حکومەتی نیشتمانی عێراق هیچ بەرەو پێشچونێکی بە خۆیەوە نەبینیوە و تووشی شکستبووە، سەرەڕای زیادبوونی کێشەو ململانێ تائفیەکان سەرکردەکان ناتوانن ئەجندای تائفی خۆیان بخەنە لاوە.هەرچەندە لێپرسراوانی ئەمریکا ئاماژە بە چەند بەرەو پێشچوونێکی ناوخۆیی و چاکسازیی ئەدەن ،بەڵام هەموو ئەمانە بە بێ پێشکەوتن لەسەر ئاستی نیشتمانی دەرئەنجامێکی دیاریکراوی نابێت .بۆ نمونە دیاریکردنی دەسەلاتی حکومەتی هەرێمەکان و شەریعەتدان بە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان لەو مەسەلانەن بە هەڵپەسێدراوی ماونەتەوە. ژمارەی قوربانیەکان لە عێراقدا لەم مانگەدا ڕوولەکەمبوونەوەیە و هەرچەندە هێزەکانی ئەمریکاش خەریکە لە ئامانجەکانیان نزیك دەبنەوە، لە مانگی داهاتوودا دەستدەکرێت بەکەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا ،ڕەنگە لە هاوینی ساڵی داهاتووشدا بارودۆخەکە بەرەوپشێوی و ئاڵۆزی بڕواتەوە .

ژمارەیەك بەرپرسی سەربازی ئەمریکی ڕایانگەیاند حکومەتی عێراقی لە مەترسیدایە ئەگەر هاتوو ئەو هەلە لە دەستبدات کە بە قوربانیدانی هێزەکانی سوپای ئەمریکا هاتۆتە دی،چونکە دیارنیە ئەم هەلە تا چەند بەردەوام دەبێت .

بە تەنها سەرکردە عێراقیەکان لەم بارودۆخە نیگەران نین ، بەڵکو ڕۆژی چوارشەمە دیموکراتەکانی ناو کونگریس پرۆژەیاسایەکیان سەبارەت بە عێراق بەرزکردەوە تێیدا داوایان لە جنراڵ پاتریۆس کردووە دەستبەرداری ستراتیجیەکەی ببێت وکردەوە سەربازیەکانیش تەنها بۆ دژایەتکردنی یاخیبوان و مەشقپێکردن ئەنجامبدات ،لە کۆتایی ساڵی داهاتووشدا دەبێت سەرجەم هێزەکان لە عێراقدا بکێشێتەوە .دیموکراتەکان بە شێوەیەکی وا مامەلە لەگەڵ بارودۆخی عێراق دەکەن وەك ئەوەی هیچ پێشکەوتنێك لە مانگی کانوونی دووەمەوە بە دەست نە هاتبێت .ڕەنگە تاکە لێکدانەوەش بۆ ئەم هەڵوێستەیان ئەوە بێت کە دەزانن هیچکات لەلایەن ئەنجومەنی پیرانەوە بەدواداچوونی وردی بۆ ناکرێت.بەڵام لە هەمانکاتدا خەم ساردی ئیدارەی بوش جێگەی نیگەرانیە ،کۆندۆلیزا رایسی وەزیری دەرەوە خۆی سەرقاڵی وتوێژەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین کردووە،هەروەها هەفتەی ڕابردووش نوێنەرێکی گەورەی ولایەتە گەورەکانی ئەمریکا ڕەوانەی پاکستان و جۆرجیا کرا بۆ بە ئاگا بوون لە بارودۆخی ئەو وولاتانە .ئەوەی جێگەی سەرنجە هیچ هەوڵێکی جدی لە ئاردا نیە لە لایەن ئیدارەی بوشەوە بۆ یارمەتیدانی ڕایان کرۆکەری باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغداد بۆ هاندانی سەرکردە یاخیبووەکان بۆ ئەوەی هەنگاوێکی پراکتیکی بنێن بۆ چارەسەر کردنی کێشەو ناکۆکیەکان .تاکە هەوڵی دیبلۆماسی لەلایەن ئیدارەی بوشەوە بەم دوایانە نرابێت شکستپێهێنانی هێرشەکەی تورکیایە بۆ سەر هەرێمی کورستان.پێدەچێت کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە لەم کاتەی ئێستادا پشت لە عێراق بکەن لە کاتێکدا کە پێویستە سەرجەم هەوڵە دیبلۆماسیەکانیان چڕتر بکەنەوە بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی یەکجارەکی.

ئەم فەرامۆشکردنەی عێراق لەم کاتەی ئێستادا هەڵەیەکی کوشندەیترە کە لە بەرێوە بردنی ئەم شەڕەدا دەکرێت.